# قەڵەمەکانتان بشکێنن

بەختیار شاخی

ئاساییە مرۆڤ لە کردەیەکی خۆی ژێوان بێتەوە، بەڵام پەشیمانییەکەی پڕ بە دڵ بێت و هەوڵ نەدات پاساوی (عوزر لە قەباحەت خراپتر)ی بۆ بێنێتەوە و بەرپرسیارێتیی هەڵەکە بەسەر خەڵکی دیکەدا ببەشێتەوە، چونکە پەشیمانی بۆیە جوانە کە پەند لە هەڵە وەربگری نەک لەناختدا پلانی دووبارەکردنەوەی هەڵەیەکی جوانترت هەبێت! لای من ئاساییە کە سەرکردە لە سەرکەوتندا خۆی ڕەپێش بکات و ڕۆڵی خەڵکی دیکە کز بکات، با لە یادداشتەکانیشیدا خۆی بکاتە تاقەسواری مەیدان، بەڵام زۆر نائاساییە کە دۆڕانەکان لە ملی فەرمانبەرەکانی بئاڵێنێ و بڵێ ئەوان تووشیان کردم، بۆیەش بۆمن ئاساییە چونکە دەزانم پێم خۆش بێت یان نا ئەوە کاری سەرکردەیە و لە بنەڕەتیشدا ئەو بۆیە سەرکردەیە تا (سەر)ی (کردە)کان بێت.
ئەگەر سەرکردەیەکی سەربازیی سەرەڕۆ (سەر)ەکان بۆ خۆی و (کەوتن)ەکانیش بخاتە ملی خەڵکی دیکە، ئەوە پاکانەیەکی جوان نییە کە هەرکەسەو لە ڕاست خۆیەوە هەوڵ بدات بەرپرسیارێتیی شەڕی نێوخۆ لە کۆڵ خۆی بکاتەوە، لەو نێوەشدا ئەوە پێشمەرگەیە کە دەبێتەوە بە قوربانی و خەتاباری سەرەکی دەردەچێت. من خۆم لە کێشەی سەرکردەکان نادەم و هەر ئەوەندە دەپرسم، باشە ئەگەر هەڵگیرسانی شەڕ بەدەست پێشمەرگە بووبێت ئەی بۆ ئاشتییەکە بەدەست سەرکردەیە؟ ئەوە کام پێشمەرگەیە بوو کە ئەوەندە دەوڵەمەند بوو ئەو هەموو چەک و تەقەمەنییە بکڕێت؟ ئەوە بۆ سەرکردە هێندە بە سانایی خەڵەتێنرا و (تووش کرا)؟
ئەوەی من قسەی لەسەر دەکەم ئەو (غوسڵ)ەیە کە ڕاگەیاندنکارانی سەردەمی شەڕی نێو لە خۆیانی دەردەکەن و هەریەکەو خۆیان بە بێگوناه لەقەڵەم دەدات. لێرەدا تەنها جیاوازییەک دەبینم، لەسەردەمی شەڕی نێوخۆییدا ڕاگەیاندنی هەرلایەک خۆی بە بێگوناه و ئەوەی بەرامبەری بە تاوانبار دەزانی، ئێستا هەردوولا پێکەوە دادەنیشن و وێکڕا پاکانە بۆ یەکتریش دەکەن. ئەوە مەتەڵێکی سەیرە کە کەس بۆی هەڵنایەت، ئەرێ کێ ئەو هەموو جنێوە سووکەی خستە نێو مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی؟ کە جنێو فرۆشەکەی دوێنێ خۆی لە ئێمە دەکاتە فریشتەی ئاشتی و یەکگرتن ئەوە عوزری لە قەباحەت خراپترە. ئەو کاتەی لەسەر نووسینی بڕەترین جنێو پلەی حزبی بۆ بەرز دەکرایەوە دەبوایە دەرفەتی ئاشت بوونەوەشی لەبیر بێت، نەک ئەمرۆ بڵێ ئێمە بەشداریی شەڕمان نەکرد. خۆ ئەگەر بۆ سەرکردە ماست نەبێت تا بەلێویەوە دیار بێت ئەوە بۆ ئەو ماستێکی خەستە و ئەگەر سمێڵیشی نەمابێت بەسەری لووتییەوە دیارە، چونکە نە وتارەپڕ جنێوەکانی ڕادیۆ و نە ڕۆژنامە بۆرەکانیش لە بیر دەچن. دەبوایە بڕادەرانی ڕاگەیاندی هەردوو حزب بە ئازایەتییەوە دانیشن و لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەو شەڕە نەگریسە بدوێن و بیسەلمێنن کە ئاشتبوونەوە گەیشتۆتە ڕادەیەک کە

بتوانن بێلایەنانە قسە لەسەر هەڵەکان بکەن و ئەوسا داوای لێبوردنیش بکەن نەک قسەی سەرکردەکان دووبارەبکەنەوە و پاساوەکانی ئەواندووبارە بکەنەوە، ئەوەی ئێستا ئەوان دەیکەن سەلمێنەری ئەوەیە کە هیچ نەگۆڕاون و پەندیان وەرنەگرتووە، ئەوان نەدەبوو بەوە قایل بن رۆڵی توتییان پێ بسپێردرێت، دوێنێ لە لایەن سەرکردەکانەوە بۆ جنێو قورمیش دەکران و ئەمڕۆ راسپێردراون پاکانە بۆ هەردوولا بکەن، راگەیاندن دەبێ بوە هاوکاریی پرۆسەی ئاشتەوایی بکات کە بە راستگۆییەوە هەڵەکان دەستنیشان بکات و هەوڵی ئاشت کردنەوەی ئەندام و لایەنگرانی پارتی و یەکێتی بدات و بانگەشەی لێبوردەیی بکات، چونکە ئەگەر ئەمڕۆ راگەیاندن لاسایی سەرکردەکان و لق و مەڵبەندەکان بکاتەوە و پاکانە بۆ خۆی بکات، سبەینێ ناوچە و کۆمیتەکان، دووسبەی رێکخراو و کەرتەکان و تا دەگاتە شانەی سەرکی پێکەوە کۆ دەبنەوە و پاکانە دەکەن، ئەو کاتەش دەبێ هێز و لەشکر و فەوج و بەتالیۆنەکان فریای خۆیان بکەون و ئەوانیش کۆبوونەوەی هاوبەش رێکبخەن و پاکانە بکەن (ئەگەر ئەوە نەبێتە پرۆژەیەک بۆ ئاشتەوایی!)، لەو بەینەدا ئەوە هاووڵاتیانی ئاسایین کە بە تاوانباری سەرەکیی شەڕی نێوخۆ دەمێننەوە. بۆیە تکام وایە جنێوفرۆشەکانی دوێنی تۆبە بکەن تا خەڵک لەوە دڵنیا بێت راگەیاندن نابێتە هۆی هەڵگیرسان و خۆشکردنی ئاگری شەڕێکی دیکە!